# أثر استراتيجية إلتفكير الابداعي في الفهم القرائي لمادة المحادثة الكردية عند طلاب الصف الرابع الاعدادي وميلهم نحو المادة

**باسم بحر خضير الجنابي**
Bassem.Bahr2306m@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
**أ.د. بيمان جلال احمد**
**جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية**

**الملخص**

يهدف هذا البحث الى التعرف على " **اثر استراتيجية التفكير الابداعي في الفهم القرائي عند طلاب لمادة المحادثة الكردية عند طلاب الصف الرابع الاعدادي والميل نحو المادة** " ولتحقيق هدفا البحث، اعتمد الباحث المنهج التجريبي واختار تصميمًا تجريبيًا للمجموعتين التجريبية والضابطة اللاعشوائية الاختيار، ذات الاختبار البعدي.وتحدد البحث بطلاب الصف الرابع الاعدادي في المدارس الثانوية والاعدادية الحكومية النهارية للبنين في محافظة بغداد/ الكرخ الاولى، واختار الباحث مدرسة (اعدادية المأمون للبنين) قصديًا، وتألفت عينة البحث من (٦٤) طالب موزعين بين شعبتين مثلت احداهما وهي الشعبة (أ) المجموعة التجريبية التي درست على وفق استراتيجية (التفكير الابداعي) بواقع (٣٢) طالب، ومثلت الشعبة الاخرى وهي الشعبة (ج) المجموعة الضابطة التي درست بالطريقة التقليدية بواقع (٣٢ ) طالب.

**الكلمات المفتاحية: استراتيجية إلتفكير الابداعي، الفهم القرائي، المحادثة الكردية.**

# The Effect of the Creative Thinking Strategy on Reading Comprehension of Modern Kurdish Reading among Fourth-Year Preparatory Students and their Attitude Toward the Subject

**Bassim Bahr Khudheir Al-Janabi**
**Prof. Dr. Peyman JalalAhmed**
**University of Baghdad /College of Education Ibn Rushd**

## Abstract

This research aims to identify "the effect of the creative thinking strategy on reading comprehension of Modern Kurdish Reading among fourth-year preparatory students and their attitude toward the subject." To achieve the research objectives، the researcher adopted the experimental method and chose an experimental design for the

experimental and control groups، with a non-random selection and post-test. The research was limited to fourth-grade preparatory school students in government daytime secondary and preparatory schools for boys in Baghdad Governorate / Al-Karkh I. The researcher intentionally selected Al-Ma'moon Preparatory School for Boys. The research sample consisted of (64) students distributed between two groups. One of them، group (A)، represented the experimental group، which studied according to the (creative thinking) strategy، with (32) students. The other group، group (C)، represented the control group، who studied according to the traditional method، with (32) students

**Keywords: creative thinking strategy، reading comprehension، insurance policy.**

**بوختەی توێژینەوەکە**

**کاریگەریی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەسەر تێگەیشتنی خوێندنەوە لە بابەتی کفتوگۆ کوردیی لەلای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی و ئارەزوویان بۆ بابەتەکەدا**

**باسم بەحەر خوزەیر جەنابی**

**پ.د.پەیمان جەلال ئەحمەد**

**ملخص**

**زانکۆی بەغداد – کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان** مەبەست لەم توێژینەوەیە زانستی " **کاریگەریی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەسەر تێگەیشتنی خوێندنەوە لە بابەتی کفتوگۆ کوردیی لەلای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی و ئارەزوویان بۆ بابەتەکەدا**".و بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر ڕێگەی ئەزموونی و دیزاینی ئەزموونی بەکارهێناوە بۆ دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوی هەڵبژاردنی نا هەڕەمەکی، کە تاقیکردنەوەی پاشەکی لەخۆدەگرێت. توێژینەوەکە سنووردارە بە خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە قوتابخانە ئامادەییەکان و قوتابخانە دواناوەندیە حکومییەکانی بەیانیانی کوران لە شاری بەغداد/ کەرخی یەکەم. توێژەر بەئەنقەست قوتابخانەی (ئامادەیی المأمون بۆ کوران)ی هەڵبژاردووە، هەروەها نموونەی توێژینەوەکە لە (٦٤) خوێندکار پێکهاتووە کە بەسەر دوو هۆبەدا دابەشکراون، هۆبەی یەکەم (ا) کۆمەڵەی ئەزموونیە کە بە پێی ستراتیژییەتی (بیرکردنەوەی داهێنەرانە) خوێندویانە ولە (٣٢) خوێندکار پێکهاتووە، هۆبەی دووەم (ج) کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بوو کە بە ڕێگای ئاسایی خوێندویانە ولە (٣٢) خوێندکار پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم**

**یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە:-**

دیاردەی لاوازی خوێندنەوە دیاردەیەکە کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت بەتایبەتی لەسەرەتای فێربوونی ڕاستەقینەی زماندا چونکە بەکۆڵەکەی سەرەکی دەژمێردرێت کە خوێندکار لەژیانی پراکتیکیدا پشتی پێدەبەستێت، خوێندنەوە دەپێورێت بەڕادەی تێگەیشتنی خوێندکار و توانای پاراستنی ئەو زانیاریانەی کە دەیخوێنێتەوە.

( مهدي، ٢٠١٩،ل. ٩ )

هەروەها سەرنەکەوتنی زۆربەی مامۆستایان لە پێشکەوتنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و شێوازەکانی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ کەمی تێگەیشتنی خوێندنەوەی خوێندکاران چونکە ڕێگای وانەوتنەوەی تەقلیدی لەسەر هاندانی خوێندکاران بنیاد نەنراوە و گرنگی نادات بە ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکەکەسی نێوان خوێندکاران و تایبەتمەندییە دەروونی وهزرییەکانیان.

(زایر وایمان، ٢٠١١،ل. ٧٦)

وئەمەش ئەدەبیات توێژینەوەکان پشتڕاستیان کردۆتەوە و وەک توێژینەوەی( الشمري، ٢٠٠٢)، (المرسومي ٢٠٢٣)، ( العزاوي ٢٠٠١ )

**. بۆیە توێژەر هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بداتەوە**

**ئایا ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە کاریگەری هەیە لەسەر تێگەیشتنی خوێندنەوەی لەبابەتی کفتوگو کوردیی لەلای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی وئارەزوویان بۆ بابەتەکەدا؟**

**دووەم : گرنگی توێژینەوەکە:-**

**لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی سەرەوە گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت:**

١. ئامانجی کۆتایی پەروەردە گەشەپێدانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایە بۆ بەرزترین ئاست وڕێگاپێدانی تواناکانیانە لە بوارە گشتییەکان وەکو هزری و جەستەیی و مەعریفی و دەروونی و ئەخلاقی و ئابووری و پەرەپێدانی توانا کارامابیە عەقڵییەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن نوێ ببنەوە و زیادبکەن .

٢. گرنگی زمان وەک پردی پەیوەندی نێوان تاکەکان و ئامرازێکە بۆ تاک کە بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتن و فێربوون.

٣. گرنگی خوێندنەوەی زمانی کوردی نوێ و ڕۆڵی لەبڵاوکردنەوەی گیانی یەکڕیزی و ئاشتی و بڵاوکردنەوەی کەلتووری کوردیدا.

٤ . گرنگی ستراتیژییەکانی فێرکردن کە بیرکردنەوەی خوێندکاران دەوروژێنن و کاریگەری دەکەنە سەر لە دروستکردنی وێنەیەکی هزری بۆ بەرهەمهێنانی بیرۆکەیەك ودروستبوونی بیرۆکەیەکی داهێنەرانەی جیاواز

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:-**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناساندنی لەمدایە:

١. کاریگەری ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەلاوازی تێگەیشتنی خوێندنەوە لەلای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێدا.

٢. کاریگەری ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ئارەزوویان بۆ بابەتەکە لەلای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێدا.

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە:-**

**بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر دوو گریمانەی داڕشت:-**

١ . جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری نییە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونیدا کە وانەی خوێندنەوەی کوردی نوێ بە ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەخوێنن و ناوەندی نمرەکانی خوێندکاران کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو و ئەوانەی هەمان وانە بە ڕێگای ئاسیی دەخوێنن لە لاوازی تێگەیشتنی خوێندنەوە .

٢ . جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونیدا کە وانەی خوێندنەوەی کوردی نوێ بە ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەخوێنن و ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ئەوانەی هەمان وانە بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە ئارەزوویان بۆ بابەتەکە.

**پێنجەم : سنووری توێژینەوەکە:-**

**لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر پابەند بوو بەم سنوورانەی خوارەوە :-**

١. خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە ئامادەیی( المأمون)ی کوڕان کەسەربە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەرخی یەکەمی بەغداد و لە قوتابخانە حکومیە بەیانییانەکانە.

٢. وەرزی یەکەمی خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی( ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥)

**شەشەم : دیاریکردنی زاراوەکان:-**

**یەکەم / کاریگەری :-**

- **(شحاته و النجار )**:- ئەمە ئەنجامی گۆڕانکارییەکی خوازراوە کە لە ئەنجامی پرۆسەی فێربووندا لە خوێندکار ڕوودەدات. ( شحاته والنجار، ٢٠٠٣،ل.٢٢ )

- پێناسەی ڕێکاری بۆ کاریگەری:- هەموو گۆڕانکارییەک کە لە هەڵسوکەوتی خوێندکار (کۆمەڵەی ئەزموونی) ڕوودەدات لە ئەنجامی بەکارهێنانی ستراتیژی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و دەتوانرێت لە ڕێگەی تاقیکردنەوەکانەوە پێوانە بکرێت.

**دووەم / ستراتیژییەت :-**

( شحاته والنجار ) :- کۆمەڵێک ڕێوشوێنی فێرکردنە کە پێشتر لەلایەن مامۆستاوە دیاری کراوە، کە پلانی داناوە لەکاتی جێبەجێکردنی وانەکەدا بەکاری بهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکانی فێرکردن بە کاریگەرترین شێوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو توانایەی کە لەبەردەستیدای.

( شحاته والنجار، ٢٠٠٣،ل.٣٩-٤٠ )

**- پێناسەی ڕێکاری بۆ ستراتیژییەت:-**

هەموو ئەو ڕێوشوێن و چالاکیانەیە کە توێژەر پلانی بۆ دارشتوە و بەسەر کۆمەڵەی ئەزموونی جێبەجێی دەکات نمونەی توێژینەوەی ناو پۆل لەکاتی وانەوتنەوە خوێندنەوەی کوردی نوێ بە بەکارهێنانی ستراتیژی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

**سێیەم / ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە :-**

- ( Guilford ) بریتییە لە: بیرکردنەوە بە شێوازێکی کراوە و بەرهەمهێنانی بە تایبەتمەندییە بێهاوتاکان جیا دەکرێتەوە، وەڵامەکانی بەرهەمهێنراو جۆراوجۆرن کە لەلایەن زانیاریی دراوە دیاری دەکرێت.

(p. 127، 1969،Guilford )

**- پێناسەی ڕێکاری بۆ ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:-**

چالاکیەکی هزریە کە بریتییە لە بەرهەمهێنانی زۆرترین ژمارەی بیرۆکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک لەسەر بنەمای نەرمی و ڕەسەنایەتی ئەو بیرۆکانە و پێوانە دەکرێت بەو نمرەیەی کە خوێندکارانی نموونەکە لە ڕێگەی ئەو وەڵامانەی لەسەر بڕگەی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەستیان دەکەوێت .

**چوارەم/ تێگەیشتنی خوێندنەوە:-**

- ( Good) :- ناسینەوەی مانای سەرەکی وشە و دەستەواژە درووستەکە. ( Good، p. 563،1973 )

**- پێناسەی ڕێکاری بۆ تێگەیشتنی خوێندنەوە :-**

تێگەیشتن و شیکردنەوەی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی کە نمونەی توێژینەوەکەن بۆ پێکهاتەنی وشەکان لەو دەقانەی کە بڕیاری لێدراو و دەخوێنرێن و بەستنەوەیان بەو بارودۆخە نوێیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا کە بە ئەنجامی تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە دەپێورێت.

**پێنجەم/ ئارەزوو : -**

- **( s،Webster )** بریتییە لە هەستی ئەو کەسەی کە هانی دەدات بەشداری بکات یان پەیوەست بێت بە کارێکی دیاریکراوەوە یان سەرنج بدات یان سەرنجی بابەتێک ڕابکێشێت و هەستی پێ بکات

( p.610،1998،s،Webster)

- **پێناسەی ڕێکاری بۆ ئارەزوو:-**

ئەو نمرەیە کە خوێندکاران بەدەستی دەهێنن لە پێوەری ئارەزوویان بەرەو خوێندنەوەی کوردی نوێ کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە .

**بەشی دووەم**

**چوارچێوەی تیۆری**

**یەکەم: بیرکردنەوە**

بیرکردنەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە جۆرەها کرداری عەقڵی لەخۆدەگرێت کە بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەرمان کە ئەنجامی دەدەین، بیرکردنەوە یەکێکە لەو تایبەتمەندییە بنەڕەتیانەی کە مرۆڤ لە زیندەوەرانی دیکە جیادەکاتەوە بۆیە بیرکردنەوە بە لوتکەی پرۆسەی مێشک دادەنرێت لەبەرئەوەی پەروەردە ناتوانێت پشتگوێی بخات و بۆتە پێویست بۆ پەروەردەکاران کەئەوپەڕی هەوڵی پەروەردەیی گونجاو بدەن بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی بیرکردنەوە، و لەبەر ئەوەی پرۆسەی بیرکردنەوە بوارەکانی تر دەگرێتەوە کەس ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە بیرکردنەوە لە ئاستێکی ئەکادیمی دیاریکراودا قۆرخکراوە بەبێ ئیرەیی. ( السعدني وعودة،٢٠٠٦، ل ٤٠. )

**دووەم / بیرکردنەوەی داهێنەرانە**

داهێنان لە مێژوودا بە چەند قوناغێکدا تێپەڕیوە و لە ڕابردوودا کارەکانی لەسەرووی سروشتدا بوون و پەیوەست بوون بە ناڕوونی و قورسی بۆ ڕوونکردنەوە پێیان دەگوترا داهێنان و ئەم دیاردەیە هەر لە سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە پەیوەست بووە و لە پێناسەکانی ئەفلاتوون (٤٢٧ - ٣٧٤ پ.ز ) بە ڕوونی ئاماژەی پیکراوە، چونکە پیێ وایە کە داهێنان ئەو ئیلهامەیە کە لە تاکدا هەیە بەهۆی هێزێکی دەرەکی ئاسمانییەوە، لەکاتێکدا ئەرستۆ ( ٣٨٤- ٣٢٢ پ.ز) پێ وایە کە داهێنان لەئەنجامی ماددەی سروشتەوە هەڵدەقوڵێت و ڕەنگە ئەم ئەنجامانە لەخۆوە یان بە بەخت ڕوو بدەن، ئەم فەیلەسوفانە هەوڵیانداوە داهێنان لەسەر بنەمای سروشتی ڕوون بکەنەوە واتە سروشت ئەوەیە کە داهێنان بەرهەم دەهێنێت واتە لێکدانەوەی هەموو شتێک لەسەر ئەوەی کە ئێمە دروستکراوین، وەک لە کتێبە بەنرخەکەیدا هاتووە " بديع السموات والارض "(البقرة / اية ١١٧)و ناکرێت ڕوون بکرێتەوە و بگۆڕدرێت. ( عیاش، ٢٠٠٩، ل. ٦٥ )

**خەسڵەتەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە**

- ڕەسەنە و دەگمەنە لەکوالێتی و کەمتر لە بوارە جیاوازەکاندا دووبارەدەبێتەوە.
- هەمەچەشنە و توانای چارەسەرکردنی مەودایەکی فراوانی بیرۆکەکان هەیە.
- پرۆسەی بیرکردنەوەی هزری بەرز لەخۆ دەگرێت ولە توانای عەقڵی گشتی پسپۆڕی ئەکادیمی و مەعریفی ڕەنگدەداتەوە.
- ڕەنگدانەوەی گرنگیپێدانە جۆراوجۆرەکان لەخۆدەگرێت.
- به نەرمی و سەربەخۆیی و خۆکۆنترۆڵکردن دەناسرێتەوە. .

( قطامي، واخرون، ٢٠١١،ل. ٣١)

**کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە گروپ (بۆ خوێندکاران)**

- پەیوەندی کاریگەر لە نێوان ئەندامان، بە ڕوونی و ڕاستگۆیانە.
- بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە هەمان کاتدا پاراستنی ژینگەیەکی پاڵپشت و هاندەر.
- ڕێزگرتن لە فرەچەشنی و گشتگیری ئەزموون و دیدگاکان.
- هاوکاری نەرم و نیان لە ئاڵوگۆڕی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی.
- ڕاهاتن بە بەشداری چالاکانە. (عفانە ونشوان، ٢٠٢١،ل. ١٥٣)

**کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە وانەوتنەوەدا**

- داڕشتنی وانەی داهێنەرانە و کارلێککارانە کە ئەزموونی پەروەردەیی دەوڵەمەندتر بکات.
- هاندانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و سەربەخۆ لە ڕێگەی هاندانی فێرخوازان بۆ پرسیارکردن وە گومان لە بیرۆکەکان.
- گەشەپێدانی بەردەوامی خود و بنیاتنانی ژینگەیەکی پەروەردەیی دەوڵەمەند و هاندەر. (العصيمي، ١٤٢٦،ل. ٧٥).

**سێیەم / ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە**

- بیرکردنەوەی داهێنەرانە یەکێکە لەو کارامەییە گرنگانەی کە خوێندکاران لە سەدەی بیست و یەکەمدا پێویستیان پێیەتی، بەو پێیەی بەشدارە لە پەرەپێدانی توانای چارەسەرکردنی کێشەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و درووستکردنی بیرۆکەی نوێ. لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا ستراتیژی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بووەتە یەکێک لە دیارترین شێوازەکانی وانەوتنەوە مۆدێرنەکان کە ئامانجیان بەرزکردنەوەی توانا دەروونییەکانی خوێندکاران و پەرەپێدانی توانا هزرییەکانیانە. (دي بونو،١٩٩٢،ل.١٩ )

❖**تایبەتمەندییەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە :-**

- پشت دەبەستێت بە بیرکردنەوەی کراوە و دوورکەوتنەوە لە چەشنە کۆنەپەرستانەکان لە چارەسەرەکاندا.

- هانی هێمنبوونەوەی دەروونی دەدات لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە جیاوازەکاندا.
- پشت بە وروژاندنی پرسیار و تەحەداکردنی بیرۆکە تەقلیدییەکان دەبەستێت.
- یارمەتی پەرەپێدانی خەیاڵ و داهێنان دەدات لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و پراکتیکەوە.
- پشتگیری لە خۆفێربوون دەکات و سەربەخۆیی خوێندکاران لە بیرکردنەوە و شیکاریدا زیاد دەکات .(فوئاد، ٢٠٢١،ل. ٧٣).

**لایەنە ئەرێنییەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە**

- پەرەپێدانی داهێنان لە هەموو بوارەکانی فێربووندا.
- بەرزکردنەوەی متمانە بەخۆبوونی خوێندکاران بە هاندانیان بۆ دەربڕینی بیرۆکەکانیان بە ئازادی.
- خۆشتر و ورووژێنەرتر کردنی فێربوون لە ڕێگەی چالاکییە کارلێکەکانەوە.
- ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ بازاڕی کاری داهاتوو بە پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان. (دی بۆنۆ، ١٩٩٢،ل. ٧٣)

**لایەنە نەرێنییەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:**

- ماوەیەکی زۆری دەوێت بۆ جێبەجێکردنی لەناو پۆلەکەدا.
- پێویستی بە ڕاهێنانی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی مامۆستایان بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاری بهێنن.

**ڕۆڵی خوێندکار لە ستراتیژی بیرکردنەوەی داهێنەرانەدا**

- بەشداری چالاکانە لە گفتوگۆ و چالاکییەکان.
- پرسیارکردن و ڕوونکردنەوەدان بۆ فراوانکردنی زانیاری.
- دابینکردنی چارەسەری نوێ بۆ کێشەکان و پابەندنەبوون بە وەڵامە تەقلیدییەکانەوە.
- کارلێککردن لەگەڵ هاوپۆلەکانی و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان بە شێوەیەکی نەرم و نیان و ئاشکرا. (فؤاد، ٢٠٢١،ل. ٨٥).

**ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانەدا**

- دروستکردنی ژینگەیەکی پەروەردەیی هاندەر کە پاڵپشتی ئازادی بیرکردنەوە و داهێنان بکات.
- هاندانی فێرخوازان بۆ بیرۆکەی نوێ بەبێ ترس لە هەڵەکردن.
- ڕێکخستنی چالاکییە هاندەرەکان وەکو گێژاوی هزری و چارەسەرکردنی کێشەکان بە گروپ.
- یارمەتی خوێندکاران بدات لە هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی بیرۆکەکانیان لە ڕێگەی فیدباکێکی بنیاتنەرەوە.
- بەکارهێنانی تەکنیک و ستراتیژی فێرکاری جۆراوجۆر کە لەگەڵ شێوازە جیاوازەکانی فێربوونی خوێندکاراندا دەگونجێت (دی بونو،١٩٩٢،ل.٩٨).

**چوارەم: تێگەیشتنی خوێندنەوە:**

❖ هەر کەسێک بەدواداچوون بۆ مێژووی ئەو توێژینەوەیانە بکات کە هەوڵی پێناسەکردنی چەمکی خوێندنەوەیان داوە، بۆی دەردەکەوێت کە چەمکەکەی بە هۆی تێڕوانینە جیاوازەکانی توێژەران و بیرمەندانەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لە ئەنجامی پێشکەوتنی توێژینەوەکان لەم بوارەدا چەمکی خوێندنەوە لە بازنەیەکی تەسکدا سنووردار کرا کە سنوورەکانی تێگەیشتنی بینراوی هێما نووسراوەکان و مەعریفیان و دەربڕینیان، خوێنەری باش توانیوەتی بە دەنگی بەرز ئەدای بکات دواتر ئەم چەمکە لە ئەنجامی توێژینەوەی پەروەردەیی گۆڕاو و خوێندنەوە بوو بە پرۆسەیەکی فیکری کە بەدوای تێگەیشتندا دەگەڕێت واتا وەرگێڕانی ئەم هێمایانە بۆ ماناکانی بیرۆکەکانیان و دواتریش پەرەسەندنی ئەم چەمکە وتوخمێکی تری بۆ زیاد کرا ئەویش کارلێکردنی خوێنەرە لەگەڵ تێکستی خوێندراو و ڕەخنەگرتن لێی و دواجار چەمکی خوێندنەوە گوازرایەوە بۆ بەکارهێنانی ئەوەی کە خوێنەر لێی تێدەگات و ئەوەی وەریدەگرێت لەو شتانەی کەدەیخوێنێتەوە تێگەیشتنی خوێندنەوە یەکێکە لە گرنگترین تواناکانی خوێندنەوە نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئامانجێتی،

❖ (عبد، ٢٠١١،ل. ٦٢).

**پێنجەم / ئارەزوو(مەیل)**

❖ئارەزووەکان هەستن نەک بیروباوەڕ و ئەوانەن کە ژیان گرنگ دەکەن و مرۆڤ بۆی دەژی، بۆیە چاندنی مەیلەکان و یارمەتیدان بۆ پەرەپێدانیان ئامانجێکی گرنگی پەروەردەیە.

❖ویارمەتیدانی خوێندکاران بۆ پەرەپێدانی ئارەزووی تەندروست یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی وانەوتنەوە (ایفانز،١٩٧٤،ل.١٤).

❖**ڕێگاکانی دۆزینەوەی ئارەزووەکان**

| ژ | ئارەزوو | شێوازەکانی پێوانەکردنی ئارەزوو |
|---|---|---|
| ١ | **ئارەزووی دەربڕینی زمانەوانی** | **تاک ئارەزووی خۆی بۆ شتێکی دیاریکراو تەنها بەو شێوەیە دەردەبڕێت کە من ئەمەم بەدڵە، و نەبوونی ئارەزووی لە شتێکی دیاریکراو بەو قسەیەی کە حەزم لەوە نییە.** |
| ٢ | **ئارەزووی ئاشکرا** | **ئەو ئارەزووەیە کە دەردەکەوێت لە ڕێگەی جۆرەکانی چالاکییە جۆارجۆرەکانەوە یان لەڕێگەی کارێکەوە کە تاک لە ژیانی ڕۆژانەیدا ئەنجامی دەدات،** |
| ٣ | **ئەو ئارەزووەی کە تاقیکردنەوە بابەتییەکان دروستی دەکەن** | **ئەو کەسانەی ئارەزوویان بۆ شتێکی دیاریکراو هەیە، ئاشنای دەبن و زانیاری تەواویان لەسەری دەبێت.** |

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | ئارەزووی تایبەت | **دەیناسینەوە لەڕێگەی هاوشێوەی گشتپرسی یان پرسیارنامە لەبارەیەوە، بەجۆرێك کە هەر پرسیارێک لە لیستەکەدا کە ئارەزوویان تاقیدەکاتەوە نمرەی تایبەتی هەیە، نمرەی کەسەکەش لە تاقیکردنەوەکەدا کۆی نمرەکانی لەسەر هەموو بابەتەکانە.** |

❖ (ملحم، ٢٠٠٠،ل. ٣٦٧)

❖ **دووەم**

❖ **توێژینەوەکانی پێشوو**

❖ توێژەر لە دوای پێداچوونەوە بە ژمارەیەک توێژینەوە و گۆڤار ئەو توێژینەوەیانەی کە پێشتر کە بەدەستی هێناوە لەم بوارەدا دەیخاتە ڕوو و سەرەڕای هەوڵە بێوچانەکان بۆ دۆزینەوەی توێژینەوەیەک کە مامەڵەی لەگەڵ کاریگەری ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەسەر تێگەیشتنی خوێندکاران کردبێت بەڵام ئەو توێژینەوەیەی بەدەست نەهێناوە بەلام هاوشێوەی بابەتی توێژینەوەکەی بەدەستهێناوە ولەم بەشەدا ولە خشتەکانی خوارەوە پێشکەشی دەکات.

**لایەنەکانی سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

- زانینی چۆنیەتی دارشتنی کێشەی توێژینەوە و گرنگیەکەی.
- پێداچوونەوە بە میتۆدی توێژینەوەکە بۆ پاڵپشتیکردنی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەی ئێستا و گەڕانەوە بۆ چەندین سەرچاوە بۆ سوود وەرگرتن لێان بۆ ئەم توێژینەوەیە.
- سەیرکردنی ئەو هەنگاوانەی کە لە ئامادەکردنی پرۆگرامەکانی پەروەردەدا بەکارهێنراون وپەیڕەو کردنیان و لە ئامادەکردنی پرۆگرامی پەروەردەیی ئێستا و بەدوای یەکدا.

**بەشی سێیەم**

**ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە**

- **یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە و دیزاینی ئەزموونی:**
- ڕێبازی توێژینەوە بریتییە لە ئەو ڕێگایەی کە توێژەر بەکاریدەهێنێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، یان دیزاینێک کە ڕێگا و شێوازەکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان دیاری دەکات. (النجار وآخرون، ٢٠٠٩،ل. ١٨)
- **دووەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە:**
- بریتییە لە هەموو ئەو کەسانە یان تاکانەی کە بەشێکن لە کێشەی توێژینەوەکە، و کۆمەڵگا دەکرێت تاکەکان بن یان گرووپەکان، ئەمەش بەندە لەسەر بابەتی توێژینەوەکە (الجابري، ٢٠١١،ل. ٢٤٥)،
- **سێیەم: هاوتابوونی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە:-**

- توێژەر ڕێگای هەڕەمەکییەی بەکارهێنا بۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە، بەڵام یەکسانی نێوانیان کرد لە هەندێک گۆڕاو کە توێژەر پێی وایە کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوە هەیە، ئەمەش بۆ دابینکردنی مەرجە ناوەکییەکانی توێژینەوە پێش دەستپێکردنی توێژینەوەکە، وتوێژەر داتاکانی پەیوەست بە گۆڕاوەکان بەدەستهێناوە بە دابەشکردنی فۆڕمی زانیاری بەسەر خوێندکاراندا وەک لە پاشکۆی (٤)، هەروەها بە بەکارهێنانی بەڵگەنامەکانی قوتابخانە و کارتی خوێندکارانی قوتابخانەکان، ولە نێو ئەم گۆڕاوانەدا:

**خشتەی (٦)ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە هەژمارکراو بە مانگ**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٢ | ١٩٥.١٩ | ٢.٤٤٢ | ٦٢ | ٠.٥١٠ | ٢.٠٠٠ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٢ | ١٩٤.٨٨ | ٢.٤٥٩ | | | | |

**دەستکەوتی خوێندنی دایکان و باوکان:**

**١- دەستکەوتی خوێندنی باوکان:**

لە دوای بەدەستهێنانی داتاکانی ئەم گۆڕاوە لە ڕێگەی پرسنامەیەکەوە کە درابوو بە خوێندکاران، توێژەر ئاستی خوێندنی باوکانی پۆلێنکرد بۆ پێنج ئاست کە ئەوانیش (سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، دبلۆم، بەکالۆریۆس و بەرزتر) پاشکۆی ( ) کاتێک تاقیکردنەوەی (چوارگۆشەی کای) بەکارهێنرا بۆ پێوانەکردنی جیاوازی نێوان هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە دەستکەوتی خوێندنی باوکان، ئەنجامەکان ئەوەیان نیشاندا کە جیاوازییەکی ئاماژەپێکراوی بەڵگەداری لە ڕووی ئامارییەوە نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٥) و بە نمرەی ئازادی (٤)، ئەمەش مانای وایە کە هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لەم گۆڕاوەدا یەکسانن، وەک لە خشتەی (٧)دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٧)ژمارەی دەستکەوتی خوێندنی باوکانی خوێندکارانی دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە و نمرەی ئازادی وبەهای (کای)ی هەژمارکراو و خشتەیی و ئاستی بەڵگەداری.**

| کۆمەڵە | ژمارە | مستوى التحصيل الدراسي للأب | | | | | نمرەی ئازادی | بەهای چوارگۆشەی کای | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | دبلۆم | بەکالۆریۆس | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٢ | ٥ | ٧ | ٩ | ٦ | ٥ | ٤ | ٠.٨٥٩ | ٩.٤٩ | مانادار نییە |

**ب- دەستکەوتی خوێندنی دایکان:**

لە دوای بەدەستهێنانی زانیارییەکانی ئەم گۆڕاوە لە ڕێگەی فۆرمێکەوە کەدابەشکرا بەسەر خوێندکاراندا، توێژەر دەستکەوتی خوێندنی دایکانی پۆلێن کرد بۆ پێنج ئاست (سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، دبلۆم، بەکالۆریۆس) (پاشکۆی (٥)، وکاتێک تاقیکردنەوەی (چوراگۆشەیی کای) بەکارهێنرا بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازی نێوان هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە دەستکەوتی خوێندنی دایکان، ئەنجامەکان ئەوەیان نیشاندا کە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئامارەپێکراوی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٥) و بە نمرەی ئازادی (٤)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لەم گۆڕاوەدا یەکسانن وەک لە خشتەی (٨)دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٨) ئاستی خوێندنی دایکانی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە و نمرەی ئازاد و بەهای (کای)ی هەژمارکراو و خشتەیی و ئاستی بەڵگەداری.**

| کۆمەڵە | ژمارە | ئاستی دەستکەوتی خوێندنی دایکان | | | | | نمرەی ئازادی | بەهای چوارگۆشەی کای | | بەڵگەداری ئاماری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | دبلۆم | بەکالۆریۆس | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٢ | ٥ | ٧ | ٦ | ٧ | ٧ | ٤ | ٠.١٨٢ | ٩.٤٩ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٢ | ٦ | ٧ | ٥ | ٧ | ٧ | | | | |

**چوارەم: سەلامەتی دەرەکی بۆ دیزاینی ئەزموونی (کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە دەرەکییەکان):**

کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە دەرەکییەکان یەکێکە لە گرنگترین ڕێکارەکان کە توێژەر ئەنجامی دەدات بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو هۆکارانەی کە لە تەواوی تاقیکردنەوەکەدا هاتووە، جا گۆڕاوە کۆمەڵایەتییە ڕەسەنەکان بن یان گۆڕاوەکانی سەرهەڵدان لە ڕێکارە تاقیکارییەکان و یان هۆکارە دەرەکییەکان کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕاوە وابەستەکراوەکە هەیە. (الجابري، ٢٠١١،ل.٣١).

**شەشەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

لە پێداویستییەکانی توێژینەوەکەی ئێستا ئامادەکردنی ئامرازی پێوانەکردنی دوو گۆڕاوە وابەستەکراوەکە، و تێگەیشتن لە خوێندنەوە و ئارەزوو بەرەو بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی تا چەند دوو ئامانجی توێژینەوەکە و دوو گریمانە سفرەکە پێکرا، ئەمانەی خوارەوە ڕوونکردنەوەیەکن بۆ ئەوەی کە توێژەر چی کردووە:

**خشتەی (١٣)دابەشكردنی نمرەی پرسیارەكانی تاقیكردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە لەسەر ئاستە دیاریكراوەكانی خوارەوە**

| ئاستی تێگەیشتن | شێوازی پرسیار | ژمارەی برگەكان | كۆی نمرەكان |
|---|---|---|---|
| **١- تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ** | هەڵبژاردن | ١٠ | ١٠ |
| **٢- تێگەیشتنی شیكاری یان دەرەنجامی** | بۆشایەكان پڕبكەوە | ٥ | ٥ |
| **٣- تێگەیشتنی جێبەجێكردن** | ڕاست و هەڵە | ٥ | ٥ |
| **٤- وەڵامدانەوەی داهێنەرانەی تێگەیشتنی داهێنەرانە** | بەیەک گەیشتن | ٥ | ٥ |
| | **كۆی گشتی** | ٢٥ | ٢٥ |

**حەوتەم: ڕێكارەكانی جێبەجێكردن**

- **ڕێكارەكانی جێبەجێكردن ئەزموونەكە**

تویژەر لە یەكەم وەرزی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ تاقیكردنەوەكەی جێبەجێ كرد، دوای ئەوەی پێویستیەكانی جێبەجێكردنی تاقیكردنەوەكەی تەواو كرد، لە هەڵبژاردنی دوو كۆمەڵەكە و دڵنیابوون لە یەكسانی نێوانیان و دیاریكردنی بابەتی زانستی، دەستی كرد بە جێبەجێكردنی تاقیكردنەوەكە لە ڕۆژی دووشەممە بەرواری ٢٠٢٤/١١/٤، و لە ڕۆژی دووشەممە بەرواری ٢٠٢٤/١٢/٢٣ كۆتایی هات،

**بەشی چوارەم  یەكەم: خستنەڕووی ئەنجامەكان**

**توێژەر ئەنجامەكان لە ژێر ڕۆشنایی گریمانەكانی توێژینەوەكە دەخاتە ڕوو، بەم شێوەیە:**

**ئامانجی یەكەم: كاریگەری ستراتیژییەتی بیركردنەوەی داهێنەرانە لەسەر لاوازی تێگەیشتنی خوێندنەوە لای خوێندكارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە بابەتی خوێندنەوەی كوردیی نوێ.**

**بۆ ئەوەی گریمانە سفریەكە بسەلمێنرێت، كە دەڵێت (هیچ جیاوازییەكی ئاماژەپێكراوی ئاماریی نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەكانی خوێندكارانی كۆمەڵەی ئەزموونی كە بابەتی خوێندنەوەی كوردی نوێدا بە (ستراتیژیەتی بیركردنەوەی داهێنەرانە) وناوەندی نمرەكانی خوێندكارانی كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو كە هەمان بابەت بەڕێگای ئاسایی لە لاوازی تێگەیشتنی خوێندنەوەدا دەخوێنن).**

**خشتەی (١٦) تاقیكردنەوەی تائی بۆ دەرخستنی جیاوازییە ئامارییەكانی نێوان نمرەكانی هەردوو كۆمەڵە لە تێگەیشتنی خوێندنەوە**

| كۆمەڵە | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژماركراو | خشتەیی | |
| **ئەزموونی** | ٣٢ | ٢١.٠٣ | ١.٣٥٦ | ٦٢ | ١٢.١٩٩ | ٢.٠٠٠ | مانادارە لە ڕووی ئامارییەوە |
| **كۆنترۆڵكراو** | ٣٢ | ١٦.١٣ | ١.٨٢٧ | | | | |

**ئامانجی دووەم: کاریگەریی ئەستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەسەر ئارەزووی بەرەو بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ لە لای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی .**

بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە گریمانەی سفری یەکەم کە دەڵێت: **(هیچ جیاوازییەکی ئاماژەپێکراوی ئاماریی نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) لە نێوان تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێ کە بە پێی (ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە) دەخوێنن، و تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە ئارەزوویان بۆ بابەتەکە).**

دوای تەواوبوونی ئەزموونەکە، توێژەر پێوەری ئارەزوو بۆ بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێی جێبەجێ کرد و دواتر پەڕەکانی وەڵامی خوێندکارانی ڕاستکردەوە و پاشان نمرەی گشتی بۆ هەر خوێندکارێک لە هەردوو کۆمەڵەکە هەژمارکرد پاشکۆی (١٥) هەروەها ناوەند ژمێری و لادانی پێوەری هەردوو کۆمەڵەکەی هەژمارکرد و وەک لە خشتەی (١٧)دا نیشاندراوە.

**خشتەی (١٧)تاقیکردنەوەی تائی بۆ دەرکەوتنی جیاوازیی نێوان تێکڕای نمرەکانی هەردوو کۆمەڵە لە ئارەزوویان بۆ بابەتەکە.**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهاتی تی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| **ئەزموونی** | ٣٢ | ٦٩،٢٣ | ٧.٣٩٤ | ٦٢ | ٣.٥٥٢ | ٢.٠٠٠ | مانادارە لە ڕووی ئامارییەوە |
| **کۆنترۆڵکراو** | ٣٢ | ١٧.٨٤ | ٥.٦٥٢ | | | | |

**دووەم شیکردنەوەی ئەنجامەکان**

١.وانەوتنەوە بە پێی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە باوەڕی خوێندکار بە خۆی بەهێز دەکات.

٢.بیرکردنەوە لە چەندین چارەسەر و بە پێی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ڕێگای نوێ بۆ خوێندکاران دەکاتەوە.

٣.ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە خوێندکاران هان دەدات بە شێوەیەکی ئەرێنی لە وانەکەدا بەشداری بکەن.

**تەوەری دووەم**

**یەکەم: دەرئەنجامەکان**

بەگوێرەی ئەو دەرئەنجامانەی لەم توێژینەوەدا هاتوون و دەریانخستووە کە کۆمەڵەی ئەزموونییەکە سەرکەوتووتربوو لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، بۆیە توێژەر گەیشتوتە ئەم دەرئەنجامانە:

١.بەکارهێنانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە یارمەتی داوە لە دەرکەوتنی هەندێک ڕەفتاری ئەرێنی لە خوێندکاراندا، وەک پەیوەندیکردن لەناو پۆلدا و سەرنجدان، هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندەکان لەنێوان خوێندکاران لەگەڵ یەکتر و لەنێوان مامۆستا و خوێندکاران.

٢.ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە یارمەتی داوە لە تێگەیشتنی ئەوەی خوێندرایەوە و سەرنجراکێشکردن بۆ وانەکە لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکە نوێیەکان کە پێشتر نەناسرابوون لەلایەن خوێندکارانەوە.

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

به پێی ئەنجامەکانی پێشوو، توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک دەکات کە دەکرێت یارمەتی باشترکردنی بارودۆخی فێربوونی زمانی کوردی بدات، لەوانە:

١.لەخۆگرتنی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە پرۆگرام و پلان و ڕاهێنانی تایبەت بۆ مامۆستایانی زمانی کوردی، وەک یەکێک لە ستراتیژییە مۆدێرنەکان.

٢.ڕاهێنانی مامۆستایانی زمانی کوردی لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، چونکە ئەم ستراتیژییەتە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تێگەیشتنی بابەتی خوێندن.

**سییەم: پێشنیازەکان:**

اتێگەیشتنی خوێندنەوە و ئارەزوو بۆ بابەتی وانەکە بەدەست هاتووە، توێژەر پێشنیازەکانی خوارەوە دەکات:

١.ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەری ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە دەستکەوتەکانی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چونکە ئەوان پێشتر ئەزموونیان هەیە لە بابەتی زمانی کوردی.

٢.ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە و جێبەجێکردنی لەسەر گۆڕاوە پەیوەندیدارەکانی تر، وەککارامەیی گوێگرتن یان توانای ڕەوانبێژی.

**سەرچاوەکان**


➢ **قورئانی پیرۆز**

➢ **سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

• قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین(٢٠١٨) . **ڕێکاااکانی وانەوتنەوە شێوازە تیۆری و پراکتیکییەکانی**، چاپی دووەم .

• شواني، ڕەفیق(٢٠٠٨) . زمانی کوردی وشوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، چاپی دووەم، چاپخانەی دهوک .

• نەجم، هیوا نەجات(٢٠٢٣) : کاریگەری ستراتیژیەتی ڕاخەری شوێن لەسەر دەستکەوتی بابەتی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی لەلای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی و مەیلیان بۆ بابەتی خوێندن(**ماستەرنامەیەکە** ).

➢ **سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

• ایفانز، ك.م (١٩٧٤). الاتجاهات والميول في التربية، عالم المعرفة

• البصيص، حاتم حسين (٢٠١١).تنمية مهارات القراءة والكتابة استراتيجيات متعددة التدريس والتقويم،ط١، مطابع وزارة الثقافة – الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، سوريا .

• بيدي، رحيم كاظم(٢٠١١) : *اثر استراتيجية القبعات الستة في تنمية مهارات التفكير ( الناقد والابداعي ) عند طالبات معاهد اعداد المعلمين في مادة الجغرافية*، **رسالة ماجستير غير منشورة**، الجامعة المستنصرية، كلية التربية الاساسية، العراق .

• خلفاني، مولود احمد نبي(١٩٩٥) . *اثر اسلوب المواقف التعليمية في تحصيل التلاميذ في قواعد اللغة الكردية ورغبتهم فيها*، **اطروحة دكتوراه غير منشورة**، جامعة بغداد كلية التربية ابن رشد .

• دي بونو، إدوارد (١٩٩٢). التفكير الإبداعي وتطبيقاته في التعليم. دار الفكر العربي.

• دلة.حسن علي(٢٠٢٠) .**التفكير الابداعي والتوافق النفسي**.مركز الكتاب الاكاديمي .

• الرحيمان، يسرى راشد،(٢٠٢٠).**استراتيجيات التفكير الابداعي**، الامارات.

• زيتون، عايش محمود(٢٠٠١) : **اساليب تدريس العلوم**، ط١، دار الشروق، الاصدار الرابع، عمان .

• سعادة، جودت احمد(٢٠١٥) .**مهارات التفكير الابداعي**، عمان، دار الشروق للنشر والتوزيع .

• السعدني، عبد الرحمن محمد وعودة، ثناء ميليجي السيد( ٢٠٠٦)، **التربية العلمية مداخلها واستراتيجياتها**، ط١، دار الكتاب الحديث، القاهرة .

• شريف، عبد الستار طاهر(١٩٩١)، المجتمع الكردي، دراسة اجتماعية ثقافية سياسية، بغداد، مطبعة دار العراق للطبع والنشر .

• شحاته، حسن،والنجار، زينب(٢٠٠٣) . **معجم المصطلحات التربوية والنفسية**، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية .

• صلبي، ضياء زين (٢٠١٨) . *اثر استراتيجية كن يقظا في الفهم القرائي والاداء التعبيري عند طلاب الصف الثاني المتوسط* ( **رساله ماجستير غير منشورة** ).

• الطائي، نعمة دهش فرحان( ٢٠١٦). ***مقاربات سوسيولسانية***، دار المنهجية للنشر والتوزيع، القاهرة، .

- الطيطي، محمد (٢٠٠٧). **تنمية قدرات التفكير الابداعي**، ط٣، دار المسرة للنشر والتوزيع، عمان .
- طعيمه، رشدي أحمد، محمد الشعيب،(٢٠٠٦): ***تعليم القراءة والادب استراتيجيات مختلفة لجمهور متنوع***، دار الفكر العربي، القاهرة.
- عامر، طارق عبد الرؤوف (٢٠٠٥). الابداع مفاهيمه، اساليبه، نظرياته، الهرم، الدار العالمية للنشر والتوزيع .
- علام، صلاح الدين محمود (٢٠٠٢) . **القياس والتقويم التربوي : اساسياته وتطبيقاته وتوجيهاته المعاصرة**، دار الفكر العربي، القاهرة .
- العصيمي،نورة احمد،(١٤٢٦ه).استراتيجيات التفكير الابداعي،ط٢، الرياض.
- عفانه،عزو، ونشوان، تيسير (٢٠٢١).استراتيجيات حديثة في تعليم التفكير، مكتبة سمير منصور للطباعة، والنشر والتوزيع، فلسطين
- عياش، ليث محمد: **الأسلوب المعرفي وعلاقته بالإبداع**، ط١، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٩م
- العزاوي، رحيم يونس ( ٢٠٠٨ ). مقدمة في منهج البحث العلمي ( **بحث منشور)**
- العيسوي، جمال مصطفى . **فاعلية استخدام ملفات الكتابة في تنمية بعض المهارات القرائية والتعبير الكتابي لتلاميذ الصف الخامس الاساسي دراسة**، **مجلة القراءة والمعرفة**، العدد ( ١٦ )، مصر . ٢٠٠٢م.
- عودة، احمد سلمان (١٩٩٩) . **القياس والتقويم في العملية التدريسية**، ط٤، اربد، دار الامل للتوزيع والنشر.
- فؤاد، محمود (٢٠٢١). **الاستراتيجيات الحديثة في التدريس الفعّال**. دار العلوم للنشر
- قطامي، يوسف محمود، ورياض الشديفات(٢٠١٠) : **اسئلة التفكير الابداعي برنامج تطبيقي**، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
- كريم، علي ثامر جعفر (٢٠١٢)اثر توظيف اساليب متنوعة على اساس الذكاءات المتعددة في الفهم القرائي في مادة المطالعة لدى طلاب الصف الرابع الادبي،رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة ديالى.
- النجار، فايز جمعه ( ٢٠٠٦) **اساليب البحث العلمي منظور تطبيقي**، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، الاردن .

➢ **سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

- Good carter v . **Dictionary of education**، new york : Mcgraw – hill book company inCo، Ed،3،1973.

- Guilford، J. : **Implications Of Research On Creativity**. In: Ch. Banks، & P. Proodhurst، (Eds.)، Studies In Psychology، Presented To Cyril Burt، London: University Of London Press، 1969 ..
- Webster، s، N: **collegiate Dictonary**، 10ed، Massachuseits، Incorporated spring field،U.S.A، 1998.